# ( اعوذ بالله من الشيطان والسياسة ) ووتەیەکی درووستە لەشوێنی خۆیدا !

## بسم الله الرحمن الرحيم

من منالٚ بووم ژیانی سعیدی نەورەسیم خوێندەوە زۆر پێم سەیر بوو لە گەلٚ ئەوەی ئەوەندە خۆڕاگر بوو بەرامبەری ستەم کاران بەڵام کاری سیاسی نەکردوو حیزبایەتی نەکرد و ئەیوت اعوذ بالله من الشيطان والسياسة منیش ئەم ووت چۆن ئەبێ کەسێکی ئاوا کە شوێنکەوتەیەکی زۆری هەیەو چاوەڕێی فەتوای ئەکەن ! قسەی ئاوا بکات ئەی باشە سیاسەت لە ئیسلامدا نیە !؟ دوایی ڕۆژ ڕۆیشت و ڕۆژ هات زیاتر ئاشنا بووم بەو ئیسلامە پاکەو مەنهەجی سەلەف بۆم دەر کەوت کە ئەو زانایە سعیدی نەورەسی ئەگەر چی ڕەخنەی لە سەرە و موخالەفەی ڕێگای ئەهلی سوننەی کردووە لە مەنهەج و بیرو باوەڕی بەڵام ئەو قسەیەی کە ئەڵێ اعوذ بالله من الشيطان والسياسة بەڕاستی زۆر جوانەو حەقی پێکاوە لەوە سعیدی نەورەسی لەگەڵ ئەو ڕەخنانەی کە لەسەری هەیە بەڵام کەسێکی زۆر زانا ترو بە توانا تر بووە لە سید قطب و حسن بنا ی سەرۆکی اخوان المسلمین وە لەوانەشە لە زۆر لە هەڵەکانی عوزری بوبێ و ڕاستی پێ نەگەیشتبێ والله اعلم گرنگ ئەوەیە من مەبەستمە کە ئەو قسەیەی قسەیەکی جوانە ئەوەی بیری لێ بکاتەوە بە وردی بۆی دەرئەکەوێ کە ڕاستە ئەو سیاسەتەی ئەمڕۆ ئەو حیزبانە لەسەرین ڕێك ئەڵێی لە شەیتانەوە بۆیان هاتووە ! من باسی حیزبە ئیسلامیەکان ئەکەم کە بەناوی ئیسلام سیاسەت ئەکەن تۆ باسی ئەوانی تر هەر مەکە ! بەناوی ئیسلام حیزبایەتی ئەکەن و سیاسەت ئەکەن ! کەچی ڕێك بوون بە ماڵێکی قەڵپ بەسەر ئیسلام و بوون بەهۆی ئەوەی خەڵکی لە ئیسلامی ڕاستەقینە سلٚ بکاتەوە ! لە لایەك ئەڵێن موسڵمان بران لە لایەك پاشقولٚ لە یەکتر ئەگرن ! ئەیانووت ئەبێ ڕێز لە سەرکردەی حیزب بگرین و بەیعەتمان نەشکێنین =کەبەیعەتیش بۆ حیزبایەتی بیدعەیەکە بۆ خۆی=! کەچی خۆیان پشتی سەرکردەی خۆیان لە عەرز داو یەك بەدوای یەك لە یەکتر جیا ئەبنەوەو ئەوەی دوێنی پێیان ئەووت زۆر کەسی باشە ئەمڕۆ ناوی زڕاوەو توهمەی گەورەی بۆ دروست کراوە ! لەوەش سەیر تر ئەوەی کە فەتوای جیهادیان لە گەڵی دا بە حیسابی هیرەقل نامەیان بۆ ئەنارد و کافریان ئەکردن ! کەچی گوپیان ماچ کردو هەندێکیان ڕازی بوون بەوەی مانگانە پێی دان ! وە هەندێکیان داوای زیاتری لێ ئەکا ئەگینا ئیعلانی جیهاد بەردەوامە ! سەیر ئەوەیە حیزبێکی بەناو ئیسلامی کەسانێکی تیا بێ داوای ئەوە بکەن بڕن بە عیلمانی !!! هەرچی سەر سوڕهێنەرە تیایاندایە ! ئەوە نەبوو بە وەزارەتی عدل یان ئەووت وەزارەتی کوفر دوایی خۆیان بوون بەوەزیری عدل !!!کە ستەمێکی گەورەیە بۆ خەڵك کوفر بێو بۆ ئەوان هەنگوین

!!! بەڕاستی بۆیە اعوذ بالله من الشیطان والسیاسة ! زۆر شتێکی حەقەو لـە جێـی خۆیـەتی چونکە سیاسەتێك کە پێچەوانەی ئیسلام بێت ئەبێ موسڵمان خۆی لێ بپارێزی وە داوا لە خوا بکا بیپارێزێ نەك تیایدا نوقم بێ لەبەر دەست کەوتنی کەمێکی دونیـا ئـەویش بـە ڕیـسوایی و دەست پان کردنـەوە لەوانـەی کـە بـە کافریـان ئـەزانن و پێـشتر ئیعلانـی جیهادیـان لـە گـەڵ کردبوون !!! ئەوەی ئەو واقیعەی ببینیبێ و خۆی لێ بێ ئاگا نەکا ئەوەی بۆ دەر ئەکەوێ کە ئەو قسەیەی سـعیدی نەورەسـی چـەندە پڕمانایـە ! وە ئـەوەش بێگومـان مانـای ئـەوە نیـە سیاسەت لە ئیسلام نیە بەڵام سیاسەتی ئیسلام پابەنـد بوونـە بـە شـەریعەتی خـوا نـەك لاڕێ بوون و شوێنکەوتنی هەواو ئارەزوو وە لە سیاسەتی ئیسلام بانگەوازی موسڵمان بۆ کورسی و بەدەست کەوتنی دونیا نیە بەڵکو بۆ گەیاندنی تەنها خوا پەرستی و نەهێشتنی هاوبەش دانانە بۆ خوا ، لە بەر ئەوە پێشەوا البانی ئەڵێ من السیاسة ترك السیاسة لە سیاسەتە واز بێنین لـە سیاسـەت یـانی خـەریکی حیزبایـەتی نـەبین بـەڵکو خـەریکی خـۆ شـارەزاکردن و گەیانـدنی دینەکەمان بین ! ئیتر ئەوە دەرکەوت کە سـەلەفیەکان بـۆ خۆیـان ئـەپارێزن لـە سیاسـەت و حیزبایەتی چونکە ئەگەر سیاسەت کردن بە شێوەیەك بێ پێچەوانەی دین بێ ببێ بە هۆی لێك ترازان و ڕق لە یەك هەڵ گرتن و پاشقوڵ لە یەکتر گرتن و پشتی یەك لە عەرز دان و خۆ قەڵەو کـردن و دەوڵەمەنـد کـردن لـە سـەر بەرژەوەنـدی خـەڵکی هـەژار و چـوونە سـەر کورسـی بـە چەواشەو پازدان بەسەر شانی خەڵکی موسڵمانی ستەم لێکراو ئەوە ئـیتر سیاسـەتی شـەیتانە نەك سیاسەتی ئیسلام ! جا موسڵمان بە چ ڕوویەك ئەم سیاسـەتە بکـا مەگـەر هـەر ئەوانـەی ڕوویان نیە و شەرم ناکەن !!! وەك هاتووە لە پێغەمبەرمان صلى الله علیه وعلى اله وسلم وە هەموو پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام فەرموویانە : ( اذا لم تستح فاصنع ما شئت ) .

**باوکی حارث**

(ئەمە کورتەیەکە لەسەر ئەو باسە چاوەڕوان بن لە کتابی گێژاوی حیزبایەتی ... بە درێژی ئەو باسانە ڕوون ئەکەینەوە ان شاء الله )